
# سەرۆکی سەدەی بیست و یەکەم
# نەک تەنها دەنگ، دڵت دەدەینێ



فوئاد سدیق

بەدرێژایی مێژوو، لە هەر قۆناخ و سەردەمێکدا، جیهان پڕە لە سەرۆکی وڵات و لە سەرکردە،بەڵام زۆر کەمن ئەوانەی توانای نووسینەوەی مێژووی وڵات و نەتەوەکەیان هەبووە. تەنها سەدەی بیستەم زۆرترین و بەناوبانگترین سەرۆك و سەرکردەی بەخۆوە بینیوە، بەڵام ئایا هەرکەسێك کە سەرۆکی یا سەرکردەی وڵاتێك بوو ئیتر تەواو، ئەگەر وابێ بۆچی ئەوانەی مێژووی گەل و وڵاتەکەی خۆیان دەنووسنەوە کەمن،سەدەی بیستەم زۆرترین خەباتی نەتەوەیی و شۆڕشگێری و رادیکاڵانەو تەنانەت ئاشتیخوازانەیشی تێدا کراوە، راستە ئێستا ئەم سەدەیە بووەتە بەشێك لە مێژوو، بەڵام بۆ هەموو سەرۆکەکانی ئەمڕۆهاوکات بەشێکیشە لە پەندو عیبرەت، بەشێکی تریشە لە خزمەتکردنی نەتەوە، بەشێکیشە لە بڕوابەخۆبوونی نەتەوەو سەرۆك لە یەککاتدا.

مێژووی بزووتنەوە رزگاریخوازەکانی دونیا، بوونەتە شەقڵ و مۆرکی هزرو ئیرادەو متمانە بەخۆبوونی سەرۆکەکانیان،ئەوەتا بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی دونیاچەندە جۆراوجۆرن، ئەوەندە سەرۆك و سەرکردەی جۆراوجۆریشی بەرهەمهێناوە. لە بزووتنەوەی شۆڕشگێریدا سەرۆکی وەك لینین و ماوتسیتۆنگ بەرچاون، لە بزووتنەوەی نیشتمانیدا سەرکردەی وەك ئەحمەد سوکارتۆ لە ئەندۆنیزیا دژی داگیرکەری هۆڵەندی و...لە بزووتنەوە رەمزییەکانیشدا غاندی کە بە ناتوندوتیژی دەسەڵاتی بەریتانی دەرکردو ماندێلاش لە بەرامبەر رەگەزپەرستیدا نەرمترین و نوێترین و نموونەییترین خەباتی پێشکەش کرد، دیارە دیگۆل و بسمارك و...هتد هەریەك لەو سەرۆکانە شوێن پەنجەیان لە بوارێکی زیندووی نیشتمانیدا دیارە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە، سەرۆك مەسعود بارزانی لە هەرسێ بزووتنەوە شۆڕشگێڕی و نیشتمانی و رەمزییەکاندا ئاوێتە بووە،خۆی پێشمەرگەبووەو رابردوویەکی پڕ لە گیانفیداکاری بۆ گەلەکەی رەنگرێژکردووە، کە کتێبێکی سەدهەزار لاپەڕەیی لە قۆناخی بزووتنەوەی رزگاریخوازیدا بۆ رەنگرێژکردووە، لە قۆناخی بزووتنەوەی نیشتمانی تەنها بە پشتبەستن بە نەتەوەکەی وتوویەتی نابێ جارێکی دی کوردستان ببێتەوە پێخوستی داگیرکەران و سەرۆك بارزانی گەورەترین کۆسپ بووە بۆ هاتن و دەستتێوەردانی وڵاتانی هەرێمی و هەر وڵاتێکی دیکە. سەرۆك بارزانی لەدوای راپەڕینەوە لەگەڵ بەغداش سیاسەتێکی حەکیمانەی پەیڕەوکرد کە نەیهێشت جارێکی دیکە خەڵك رووبەرووی کۆچڕەو ببێتەوە،لەو کاتەوە واتا دوای راپەڕین بارزانی کەوتە نێو قۆناخی بزووتنەوەی رەمزی بە تایبەتی کاتێك بۆ سەرۆکی هەرێم هەڵبژێردرا وتی سەرۆکایەتییەك ناکەم ئەگەر نەتوانم کۆتایی بە شەڕی ناوەخۆ بهێنم،ئەم خەباتە ناتوندوتیژییە هیچی لە خەباتەکەی غاندی کەمتر نەبوو، چونکە بەکردەوەش وایکرد نەك هەر کۆتایی بە شەڕی ناوەخۆ هێنا، بەڵکو خەریکە وا شوێنەواری ئەو شەڕەش رەشدەبێتەوە. هونەری سەرکەوتنی بارزانی لەوەدایە چەند شۆڕشگێڕ بووە ئەوەندەش دژی توندوتیژی بووە، لەکاتێکدا ئەم دوو چەمکە بە تەنها سەرۆکێك پەیڕەوناکرێ. ئەوکاتەی عێراق و ئەمریکا سەرقاڵی شەڕ بوون تورکیا بە هەلی زانی و سوپای خۆی هێنایە سەر سنووری هەرێم، بەڵام وەڵامی مەسعود بارزانی رێك وەڵامی سەرۆکێکی بەهێز و بڕوا بەخۆبوو بوو، کاتێك وتی دەبابەی تورکی ئەوکاتە دەتوانن وڵاتەکەم پێشێل بکەن کە بەسەر جەستەی مندا بپەڕنەوە، لێرە ورەی هەموو میللەتی کردە یەك ورەی پۆڵایین و یەك هێزو یەك سیاسەت.یان ئەو کاتانەی میللەت چاوەڕوانی قسەیەکی سەرۆکەکەی دەکرد تا دڵنەواییەك، ئارامییەك، بداتە میللەتەکەی، لەو کاتەی کە لە بیرناکرێ لە نەورۆزی (٢٠٠٣) هەموو خەڵك بەڕێگاوەبوو کۆچڕەوێکی تر بکات و ماڵو حاڵی خۆی جێدەهێشت، یان ئەوەی ماشبوو چاوەڕێ بوو لە هەر چرکەیەکدا ماڵو حاڵەکەی جێبهێڵێت، بەڵام سەرۆك بارزاني ئەمجارەش وەك سەرۆکێکی نموونەیی وەك سەرۆکێکی سەدەی بیست و یەك هاتە سەر شاشەی تەلەڤزیۆن و داوای لە خەڵکی کوردستان کرد کە هیچ کەسێك ماڵ و حاڵی خۆی جێنەهێڵێ و جارێکی دیکە نیشتمان بۆ کەس جێناهێڵین. ئەم لێدوانەی مەسعود بارزانی لەم رۆژە پڕ تەنگانەیەدا بەقەد راگەیاندنی سەربەخۆیی بۆ کوردستان گرنگ بوو.ئەوەیە سەرۆکی گەورە لەکاتی تەنگانەکاندا دەگەڕێتەوە ناو میللەت و لەناو قووڵایی نەتەوەکەیەوە بەرز و مەزن دەبێتەوە. چونکە دەبێتە باشترین پەناگە بۆ میللەتەکەی.

زۆر خاڵی دیکەی گرنگی مەسعود بارزانی وایان کردووە، کە بە یەکێك لە بەهێزترین سەرۆکەکانی سەدەی بیست و یەك ناوزەد بکرێت، چونکە ئەرکی سەختی مەسعود بارزانی دروستکردنی ئەو قەوارە سیاسییەیە کە بە درێژایی مێژوو لێیان زەوت کردین،بارزانی بە حیکمەتەکانی خۆی خەریکە وەریدەگرێتەوە، بۆیە دەبێت هەموومان بۆ ئەو سەرۆکە ئامادەی قوربانیدان بین، مادام ئەو بۆ گەلی کوردستان لە خەباتی نەپساوەو قوربانیدانە .

# پاش هەڵبژاردن.. ئێران گۆڕەپانە یان دەوڵەت



فەیسەڵ دەباغ

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

> ئێرانی پاش ١٣ی حوزەیران، ئێرانی پێش ئەو ڕۆژە نییە، چونکە لەو ڕۆژەدا ئێرانێکی نوێ لە دایک بوو، براوەی ڕاستەقینە لەو هەڵبژاردنانە گەلانی ئێران بوون

هەڵەیەکی گەورە دەکەین گەر بڵێین سەرکەوتنی ئەحمەدی نەژاد لە هەڵبژاردنەکانی ئێراندا دوا لێکدان دەبێت بۆ ئەو شەڕە دەسەڵاتەی کە چەند دەیەیەکە نێوان خامەنەئی و هاشمی ڕەفسەنجانیدا بەردەوامە، چونکە شەڕەکە تازە بە تازە دەستی پێکردووە.

ئەوەی ئەمڕۆ لە ئێراندا روو دەدات، گەورەترە لە ساختەکارییەکانی هەڵبژاردن، ئێستا ململانێییەکە گەیشتۆتە ستوونەکانی شۆڕشی ئیسلامی ئێران، بۆیە هەموو جیهان بەتایبەتی ڕۆژئاوا بە بایەخەوە سەیری دەکەن.

ئەگەر ئەحمەدی نەژاد دەربارەی یەکێك لە ڕکابەرەکانی گوتبووی: سەرەڕای چرای سور ئۆتۆمبێلەکەی لێخوڕیبوو، ئەوا هاشمی ڕەفسەنجانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ڕەهبەر چرای سەوزی هەڵکرد، بەمەش شەڕەکەی بن بەڕەکەی هێنایە سەر بەڕە، کە ئەم کارەش ئەوەندە ئاسان نییە، چونکە وتاری ڕەهبەر لە ئێراندا هەروەك فەتوا وایە و کەسیش ئەو جورئەتەی نییە لەو پایەبەرزەی بیهێنێتە خوار، بەڵام سەرەڕای داواکاری ڕەهبەر، بەتایبەتی لە وتاری ڕۆژی هەینیدا بە قبوڵکردنی سەرکەوتنی نەژاد و ئاگادارکردنەوەی ڕکابەرەکانی لە هەر کارێکی ئیستفزازی، خۆپیشاندانەکان بەردەوامن.

لێرەدا پێویستە لە بەرامبەر مێژووی ململانێیەکە کەمێك بووەستین تا بزانین کە شەڕی نێوان ڕەفسەنجانی و خامەنەئی تا ئێستا لە کۆتایی نزیك نەبۆتەوە، بەڵکو لەسەرەتایدایە بەرلە چوار ساڵ ڕەفسەنجانی بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆمار کرد و پێی وابوو کە ئەو پیاوەی بە خۆی کردوویەتییە ڕەهبەر ناتوانێ وا بە ئاسانی و لەسەر حیسابی ئەحمەدی نەژاد پشتی بشکێنێ و لەو بڕوایەشدا بوو کە لەو هەڵبژاردنەدا سەردەکەوێ، بەڵام ئەوەی ڕوویدا پێچەوانە بوو، ڕەهبەر لەگەڵ نەژاد وەستاو دەریشیچواند. ڕەفسەنجانی ئەم ئەنجامەی بەدڵ نەبوو، بە ناخۆشییەکی زۆرەوە قبوڵی کرد، کە ئەوەش بەخاڵێکی لاوازی ئەو حیساب کرا، چونکە هەرچەند باوەڕی بە بێگەردی هەڵبژاردنەکە نەبوو، بەڵام بێدەنگی هەڵبژارد، کە ئەمەش وای لێکرد ئەو هەیبەتەی کە لەناو ئێرانییەکاندا هەیبوو، لە دەستی بدات.

ئەمڕۆ پاش ئەوەی نەژاد خۆی هەڵبژاردەوەو لەیەکێك لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن ڕەفسەنجانی و خانەوادەکەی بە گەندەڵی تۆمەتبار کرد، کە ئەمەیش لە سیستەمی ئێراندا بەکارێکی ئاسایی دانانرێت، چونکە ئەو زاتە ژمارەیەکی قورس پێك دەهێنێ لە سیستەمی حوکمڕانی ئێراندا، پێش و پاش شۆڕشی ئیسلامی، ئیتر ڕێوییە ئێرانییەکە وەك ئەوەی کە هەندێ لە ئێرانییەکان بەو شێوەیە ناوی دەبەن، بە دەرفەتی زانی کە قەرزە کۆنەکە بداتەوە ڕەهبەر، ڕەفسەنجانی تێبینی ئەوەی کرد کە ناڕەزاییەکی گەورەی جەماوەری دژ بە نەژاد هەیە، بەهۆی باری ناوخۆی ئێران و دابڕانی وڵاتەکەی لە جیهان، بۆیە ویستی بورکانەکە نەك هەر لە بەرامبەر نەژاد، بەڵکو لەسەرووی خۆیشەوە بتەقێنێتەوە، بۆیە زۆر بە زیرەکایەتییەوە نامەیەکی کراوەی ئاراستەی ڕەهبەر کرد، کە ئەمەش هەمدیسان پێشتر شتی وا نەکراوەو، تیایدا داوای لە ڕەهبەر کرد کە بەخۆی تەدەخول بکات و بەرگەی بەرپرسیارێتی وەزعەکە بگرێت، بەمەش کردییە بەرپرسی یەکەم لە ڕوودانی هەر ئەگەرێك لەبەردەم گەلانی ئێراندا.

بە فیعلی هزرەکەی سەرکەوت و ڕادەی توڕەبوونی ئێرانییەکان زیادیکرد، بەتایبەتی پاش ئەنجامدانی کاری ساختە لە هەڵبژاردنەکەدا.

سەرەڕای ئاگادارییەکانی ڕەهبەر ئێرانییەکان ڕژانە سەر شەقامەکان و بڕیارەکانی قەدەغەبوونی خۆپیشاندانیان شکاند، تا کار گەیشتە ئەوەی هێرش بکەنە سەر باڵەخانەیەکی بەسیج، وەك دژایەتیکردنێك بۆ بڕیار و ئاگادارییەکانی وەلی فەقیه، ئەو وەلیەی کە هەر زوو هەستی بەو تەڵەیە کرد کە ڕەفسەنجانی بۆی دانابوو و داوای کرد لێکۆڵینەوە دەربارەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بکرێ، ئەمەیش بەهەموو حیساباتێکەوە پاشەکشەیەکی زۆرە، هەرچەندە بچووکیش بێت و ئەوەی لە سەر شاشەی تەلەفزیۆنەکانیشدا بینیمان دەمانگەیەنێتە ئەو باوەڕەی کە ئەمە سەرەتایەکە بۆ شەڕی ئێسك شکاندن لە نێوان ئەرکانەکانی ڕژێمی ئێران، بەڵام ئەمجارە بەشێوەیەکی ئاشکرا.

دەکرێ بڵێین ئێرانی پاش ١٣ی حوزەیران، ئێرانی پێش ئەو ڕۆژە نییە، چونکە لەو ڕۆژەدا ئێرانێکی نوێ لە دایك بوو، غەیری ئەو ئێرانەی کە لە ساڵی ١٩٧٩ دەماننناسی.

لە ڕاستیدا نە ئەحمەدی نەژاد و نە ڕەهبەری شۆڕش عەلی خامەنەئی لەو هەڵبژاردنە سەرکەوتوو نەبوون. بەڵکو زەرەرمەندی گەورە بوون، چونکە ئەو سەرکەوتنەی کە وەزارەتی ناوخۆ ڕایگەیاند و خامەنەئی لاگیری کرد، بەرلەوەی ئەنجوومەنی پاراستنی دەستوور بڕیار لەسەر ئەنجامەکە بدات، لە زەرەری سێ پاڵێوراوەکەی دیکە (میرحوسێنی موسەوی و مەهدی کەڕوبی و موحسینی ڕەزائی) خراپتر بوو.

بەرای مــن براوەی راســتەقینە لەو هەڵبژاردنانە گەلانی ئێران بوون، ئاسەواری رووداوەکانــی پــاش رۆژی هەڵبژاردن لە دەرفەتێکی نزیکــدا بەدیار ناکەوێ، بەڵکو ئەو ئاســەوارە رۆژ لە دوای رۆژ جێی خــۆی لەناخی هاووڵاتییانی ئێران دەکاتەوە و برینەکانیش قوڵتر دەکاتەوە.

من گوێم لــە ئاخاوتنــی یەکێك لە لایەنگرانی میرحوســێنی موسەوی بوو کە دەیگوت: ئەحمەدی نەژاد تەدەخولی لە کاروباری لوبنان کرد و کردی بە چەند گروپ و لایەنێك و دەستیشــی تێکەڵی بە کاروبــاری عێراق کرد و تا ئێســتا عێراقییــەکان بە دوای ئاشــتەواییەکدا دەگەڕێن کە لەگــەڵ یەکتردا بیکەن. بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە هاریکارە بۆ کێشەی فەلەستین، کەچی هەربەخۆی لە ژێر ســایەی داگیرکاری ئیسرائیلدا گەلی فەلەستینی کردە چەند گروپێك کــە دژ بە یەك بن و هەمان شتیشــی ســەبارەت بە وڵاتانی کەنــداو و هەروا یەمەنیــش. ئەمــڕۆ نۆرەکە لەســەر ئێرانە، بەهۆی سیاسەتە چەوتەکانییەوە ئێرانییەکانــی دابەش کــرد و خەریکە یەکتر دەخــۆن. هەر ئــەو لایەنگرە بە گاڵتە جاڕییەوە باســی ئەوەی کرد کە چۆن ئەنجامــی هەڵبژاردنەکان لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە راگەیەنرا کە پێشــتر وەزیرەکــەی بەوە تۆمەتبــار کرابوو کە هەڵگــری بڕوانامەیەکــی دکتــۆرای ساختەکارییە.

رەنگدانەوەی ســەرکەوتنی نەژاد بە ویلایەتێکــی دووەم و بەمشــێوەیە، زۆر گەورە دەبــێ نەك هەر لەســەر ئێران، بەڵکو لەسەر داوارۆژی ناوچەکەش.

بــۆ رۆژئــاوا بەتایبەتــی بــۆ ئەمەریکییەکان بە دیار کەوت کە هەموو ئێرانییەکان پشتگیری لە سیاسەتەکانی ئەحمــەدی نــەژاد ناکەن، بــەڵام ئەو باهۆزەی کــە ئۆباما چاوەڕوانی دەکرد هێشــتا رووینەداوە، ئێســتا باهۆزەکە زیاتــر خۆڵاوییــە، کە ئەویــش وا لە وڵاتانی رۆژئــاوا دەکات کە لەمەودوا سیاسەتێکی توندتر بەرامبەر ئێران پیادە بکەن، بەتایبەتی ســەبارەت بە فایلەکان کــە دیارترینیان فایلــی ئەتۆمییە، بە ئیعتبــاری ئــەوەی ئــەو رژێمەی کە توانــای دەســتکاری ئەنجامەکانــی هەڵبژاردنــی هەبێ و هیــچ رێزێك بۆ ویســتی دەنگــدەران دانەنــێ ناتوانێ رێز بــۆ پەیمانــی نێودەوڵەتییەکانیش دابنــێ، بۆیە وا چــاوەڕوان دەکرێ کە وتووێژەکانــی داهاتوو لەگــەڵ ئێران توندی بەخۆیانەوە دەبینن و هەمیشەش ئەوە لــە بەرچاو دادەنرێ کە ئەو رژێمە ئەو جەماوەرەی نییە کە پێشــتر باسی لێوە دەکرا، کە ئەمەش لە هەموو بارێکدا گیروگرفتەکانــی ئێــران زیاتر دەکەن، بەتایبەتی ئەگەر زانیمان ئەو مۆڵەتەی کە بە ئێران دراوە لە کۆتایی ئەمســاڵدا بە کۆتا دێت.

گرنگ نییە تۆ بەهێز بێت یان گشت کارتەکان لەلای خۆتەوە کۆیان بکەیتەوە، تاقیکردنەوەکە لــەوە دایە کە تۆ چۆن رەفتار بــەو کارتانەی خۆت دەکەیت بۆ ئەوەی نەبنە بارگرانی لەسەرت. نەژاد پێویستە ئەوە بزانێ کە پاش هاتنی ئۆباما وێنەی شەیتانی گەورە گۆڕاوە و باری ناوخۆی ئێرانیش پێویستی بە چارەسەر کــردن هەیە. راســتە کاتــێ محەمەد خاتەمــی بوو بە ســەرۆك کۆمارێکی شــەکلی و نارەزایەتییەکانیشــی هەر لە چوارچێــوەی زانکۆدا مانەوە، بەڵام ئەمــڕۆ هێماکانــی ئۆپۆزســیۆن لە خاتەمی گەورەترن، خۆپیشــاندەران لە حەرەمی زانکــۆ هاتوونەتە دەر و رژانە سەر شەقامەکان.

کەواتە سەردەمی زێڕینی رژێمی ئێران تــەواو بوو، رژێمەکەش لەســەر هەمان ئــاوازی پێشــوو دەڕوات، واتە رژێمی شاهشــناهـ کــە نەك بەهۆی شــەڕی چەکدارییەوە رووخا، بەڵکو لە ئەنجامی گردبوونێکی جەماوەرییەوە.

ئێمــە رابینینــی خۆمــان لەســەر گۆڕانکارییەکــی خێرا بونیــاد نانێین، چونکە هێزی پاســدار بە دەســتێکی ئاســنینەوە هەمــوو دەزگاکانــی کۆنترۆڵکردووە، بەڵام دەکرێ ئەوە بڵێین کە رژێمەکە رووبەڕووی درزێکی گەورە بۆتەوە کە لەوانەیە پەنا بباتە بەر ئەوەی تۆمەتی خیانەت بداتە پاڵ نەیارەکانی و لەوانەشــە پەنا بباتە بەر شــەڕێکی دەرەکی بۆ ئەوەی ئەو دەســەڵاتەی پێ بپارێزرێ.

بەهەرحاڵ، ئێســتا زۆربەی خەڵکی ئێران چاویان بڕیوەتە بەر رەفسەنجانی کە ئایا کاردانەوەی دەبێ یان نە. بەتایبەتی رەهبەر لە وتارێکیدا ئەوەی راگەیاندبوو کە ئەو زاتە خەوشــدار نییە، بەڵام دەبێ لێپرسینەوە لەگەڵ خانەوادەکەیدا بکرێ.

رەفســەنجانی ئێســتا دوو پۆســتی زۆر گرنگی بەدەســتەوەیە کە ئەوانیش ســەرۆکی ئەنجوومەنــی دیاریکردنی بەرژەوەنــدی دەوڵــەت و ســەرۆکی ئەنجومەنــی خوبرەگانــە کــە ئەم دوو پۆســتەش بە دوو ســتوونی گەورەی و رژێمی ئێران دادەنرێK کە بە رووخانی ئەو دوو ســتوونەش بانی رژێمەکە دێتە لەرزین و ئەگەری رووخانی هەیە.

بەتایبەتــی ئەگەر زانیمان خامەنەئی وەك رەهبەر ئــەو هەیبەتەی کە هەیبوو لەدەســتی دا، کاتێ بــۆ بەرژەوەندی ئەحمەدی نــەژاد لاگیری لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکــەی کردK کە ئەمەیش بە هیچ شێوەیەك کاری ئەو نەبوو.

باڵــی توندڕەوەکەی نــاو پارێزگاران دەیانەوێ ئەمری واقیع بەســەر ئێراندا فــەرز بکــەن، ئەویش بە داخســتنی فایلی ناکۆکییەکان و رەتکردنەوەی هەر تانەیەکی نوێ و هــەروا بڵاوکردنەوەی هێزی بەســیج لــە شــارەکانی ئێراندا.

رەهبەر و لایەنگرانــی ئەحمەدی نەژاد پێیان وایە دەســتیان بەســەر وەزعەکە داگرتــووە، بەڵام لە راســتیدا و لە ژێر بانەکە هەســت بــە بارگرژییەکی زۆر دەکرێ و رەوتی چاکســازیش ئێستا لە وتوێژێکــی چڕدایە بۆ دانانی پلانێکی گشتگر، بەتایبەتیت موسەوی و کەروبی، بۆ رووبەڕووبوونــەوە لەگەڵ ئەحمەدی نەژاد و محەمەد خاتەمیش لەسەر خەتە، پاش تۆمەتبارکردنی ئەو و موسەوی کە گوایە بە کرێگیراوی ئەمەریکان.

ئێســتا ئێــران بووەتــە گۆڕەپانــی ململانێ، ئەو ململانێیــەش تەنیا بەند نییــە بە ململانێی نێــوان پارێزگاران و چاکسازەکان، بەڵکو بەندیشە بە ململانێی ئەو رژێمەی کە لەســەر کورسی حوکم ماوەتەوە و ئەو وڵاتانەی کە هەســت بە مەترسی ئەو رژێمە دەکەن لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهانــدا، کە ئەویش باری ئەو رژێمە قورستر دەکەن.

**ئێران بووەتە گۆڕەپانی ململانێ، ئەو ململانێیەش تەنیا بەند نییە بە ململانێی نێوان پارێزگاران و چاکسازەکان، بەڵکو بەندیشە بە ململانێی ئەو رژێمەی کە لەسەر کورسی حوکم ماوەتەوە و ئەو وڵاتانەی کە هەست بە مەترسی ئەو رژێمە دەکەن**

# ئێران و ئەمەریکا:
# دایەلۆگ یان ئاڵۆزبوونەوەی ناکۆکییەکان؟



**سامی شۆرش**

**تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ**

پــێ دەچێت، کێشــەو ناکۆکییەکانی نێوان ئەمەریکاو ئێران روویان لە گێژاوی ئاڵۆزبوونێکی تــازە کردبێت، بە تایبەتی دوای تەواوبوونــی هەڵبژاردنەکانــی ئێران و ســەرکوت کردنی خۆپیشاندانی ریفۆرمیستەکان لە تاران و چەند شارێکی گەورەی دیکەی ئێران.

راستە سەرۆکی ئەمەریکا باراك ئۆباما لە کۆبونەوەی هەشت وڵاتە پیشەسازییە گەورەکەی جیهان، کە بەم دواییە لە ئیتالیا بەســترا، رایگەیاند بوو گوایە پێویستە ناکۆکییەکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ئەمەریکا لەگەڵ ئێران و کۆریای باکوور لە ســەر بەرنامــەی ئەتۆمیی هەر دوو ئــەو وڵاتە، دەبێت لە رێگەی دایەلۆگ و گفتوگۆی سیاســی و دیپلۆماسییەوە چارەســەر بکرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەوەیشــی دووپات کردبووەوە کە پێویستە بەرنامە ئەتۆمییەکانــی ئەو دوو وڵاتە رابگیرێــن و هەڵوەشــێنرێنەوە، چونکە هەر دوو ئــەو بەرنامانە دەبنە فاکتەری زیادکردنی کێبڕکێی چەکی ئەتۆمی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

مەعلوومە، ئۆباما هەر لە ســەرەتای گەیشتنی بە کۆشــکی سپی، مانگی کانوونی دووەمی ئەمساڵ، بەردەوام پێی لە ســەر مەســەلەی دایەلۆگ لەگەڵ ئێــران داگرتووە. هەروەهــا باس لەوەش دەکات کە مەبەست لەو دایەلۆگە دەبێت ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکان بێت لە نێوان واشــنتۆن و تاران، بەڵام وەك زۆر لە چاودێرانی سیاســی بــۆی دەچن، ئۆباما هیوای بەوە بوو ریفۆرمیستەکان لــە دوا هەڵبژاردنەکانی ئێران زۆرینە بە دەست بهێنن و سەرۆکی ئێستا مەحموود ئەحمەدی نەژاد کە ئەمەریکا بە توندڕەوو شــەڕخواز لە قەڵەمی دەدات، دەســت لە فەرمانڕەوایەتــی کردنی وڵاتەکەی هەڵبگرێت و جێگەکەی بۆ ســەرۆکێکی ریفۆرمخــواز چــۆڵ بکات، بــەڵام بە پێچەوانەی خواســتی ئۆباما، تەوژمی توندڕەو لە ئێران، ســەر لــە نوێ بۆ ویلایەتێکی دیکەش هەڵبژاردنی بردەوە، بگرە هەر زوویش کەوتە تۆمەتبارکردنی ئەمەریــکاو ئەوروپا بە دەســتێوەردان لە کاروبــاری ناوخۆی ئێــران و هاندانی خۆپیشــاندەران بۆ ئەوەی ســیناریۆی ســاڵی ١٩٧٨ دووبارە بکەنەوە، ئەویش بەوەی بڕژێنە سەر شەقامەکانی تاران و لەو رێگەیەوە هەوڵی رووخاندنی رژێمی ئیسلامی بدەن.

ئەگــەر قســەکانی ئۆبامــا زۆرتر هێمایــەك پێــك بهێنن بــۆ بیرۆکەی گفتوگــۆو دایەلۆگ، ئــەوا هەر رێك لــە دوای قســەکانی ئــەوەوە، وەزیری دەرەوەی ئەمەریــکا هیلاری کلینتۆن لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنی دا، لەگەڵ یەك لە کەناڵە ئاسمانییەکانی فەنزەوێلا، گوتی: لــە هەلومەرجی ئەمڕۆدا، پێ دەچێت هەوڵەکانی ئەمەریکا بۆ دەســت پێکردنی دایەلــۆگ لە گەڵ ئێران بێ ئەنجام بێــت، بۆیە داوای لەکۆمەڵگای نێودەوڵەتی کرد تا هاوکاریی وڵاتەکەی بکەن لە ســەپاندنی سزای زیاتر بەسەر ئێران دا، لەمبارەیــەوە وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا رایگەیاند کە ئەگەر هەوڵەکانی وڵاتەکەی بۆ دایەلــۆگ لەگەڵ تاران ســەر نەگرێت، ئەوا واشــنتۆن داوا لە دەوڵەتانی جیهان دەکات ئەوانیش لەگەڵ ئەمەریکا بە یەکەوە ســزای سیاسی و ئابووری و ســەربازیی زۆرتــرو توندتر بخەنە سەر ئێران. شــایەنی باسە، ئێران تا ئێستا سێ جۆرە ســزای بەرکەوتووە لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە سەبارەت بە بەرنامــە ئەتۆمییەکــەی، هەروەها ئەمەریکایش لــە باری خۆیەوە چەندین سزای ســەربازی و ئابووری و سیاسیی خستۆتە سەری.

لە لایەکی دیکــەوە، ژەنەراڵ مایکل مولن فەرماندەی ســتافی هاوبەشــی ســوپای ئەمەریکا، ئەویش لەو بارەیەوە چەند قســەیەکی گرنگی کرد. ئەویش دووپاتــی ئەگەری ســەربازی کردەوە. مولــن رایگەیاند کە تەنیــا ماوەیەکی کورت لەبەردەم راگرتنی هەوڵەکانی ئێران بۆ دەستخســتنی چەکی ئەتۆمی ماوە. هەروەها کاتێکی زۆر کورتتریش لەبەردەم رێگەگرتن لەوەی هێرشــی ســەربازی بکرێتە ســەر دامودەزگا ئەتۆمییەکانی ماوە. لەو بارەیەوە مولن دانی بە بایەخی مەبدەئی دایەلۆگ نا، بەڵام گوتیشــی کــە کات لەبــەردەم دایەلۆگدا کەمی ماوە، چونکە بە پێی گوتەکانی مولن، کارێکی زۆر ترســناکە رێگە بدرێت بە دەوڵەتێکی پشتگری تیرۆری وەکو ئێران تا ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی.

مولن، پێشــتر لەگەڵ سەرۆك ئۆباما سەردانی مۆسکۆی کرد بوو، بەڵام دوای تەواو بوونی ســەفەرەکەیان بۆ رووسیا، ئۆبامــا بەرەو ئیتالیاچــوو بوو، کەچی مولن گەڕایەوە واشــنتۆن و لە کۆڕێکدا

که سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی ڕێکی خستبوو، هیمای بە بابەتێکی زۆر گرنگ و پەیوەندیدار بە مەسەلەی ئێران کرد، ئەویش کاتێك گوتی: ئۆباما لە مۆسکۆ لە بارەی ئێرانەوە لەگەڵ رووسەکانیش قسەی کردووە. شایەنی باسە رووسیاو ئەمەریکا لەو سەفەرەی ئۆبامادا، هەشت ڕێککەوتننامەی ستراتیژییان بۆ هاوکاریی دوو قۆڵی مۆر کردووە.

دیارە، وەك ئەو بەرپرسە سوپاییە گەورەیەی ئەمەریکا لەو کۆڕەدا ڕوونی کردەوە، ئۆباماو بەرپرسە گەورەکانی رووسیا لە بارەی هەماهەنگی هەر دوو دەوڵەت لە بەرامبەر ئێران قسەیان کردووە. مولن هیچی ئەوتۆی لە بارەی ئەو قسانەوە ئاشکرا نەکرد، تەنیا ئەوە نەبێت کە ئەمەریکا داوای لە رووسیا کردووە هیچ جۆرە سیستەمێکی پێشکەوتووی دژەهەوایی نەداتە بەتاران، شایەنی باسە لەم دواییەدا، مقۆمقۆیەك بڵاو بووەوە گوایە تاران داوای لە مۆسکۆ کردووە بەڵکو سیستەمێکی زۆر پێشکەوتووی دژەهەوایی پێ بفرۆشێت. مولن پێی وا بوو ئەگەر رووسیا ئەم سیستەمە بفرۆشێتە ئێران، ڕەنگە ئیسرائیل پەلە لە هێرش کردنە سەر ئەو وڵاتە بکات.

بێجگە، لەو هەڵوێستە ڕەسمیانەی ئەمەریکا، دیارە پێش هەفتەیەك جێگری سەرۆکی ئەمەریکا جۆزێف بایدن لە دیدەنیەکی تەلەفزیۆنیدا لەگەڵ کەناڵێکی ئاسمانیی فەنزەوێلی گوتبووی کە وڵاتەکەی ڕێگە لە ئیسرائیل ناگرێت ئەگەر هێرشی سەربازی بکاتە سەر دامودەزگا ئەتۆمیەکانی ئێران. ڕاستە دواتر وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ڕایگەیاند کە ئەم قسانەی بایدن ئەوە ناگەیەنن ئەمەریکا هانی ئیسرائیل دەدات، یان ڕێگەی پێ دەدات، ڕوو لە هێرشی سەربازی بکات بۆ سەر ئێران. بەڵام چاودێران پێیان وایە کەشوهەوای قسەکانی بایدن بە گشتی ئەو ڕاستییەیان ڕوون کردەوە کە ئەگەر دایەلۆگ لەگەڵ تاران سەر نەگرێت ئەوا دوور نییە باس بێتە سەر باسی چارەسەری شەڕی چەکدارانە.

واشنتۆن ئێستا وای لێك دەداتەوە کە گەورەترین خەتەر لە بەرامبەر ئەمەریکادا دەوڵەتی ئێرانە، بە تایبەتی لە دوو بواری مەترسیداردا: یەکەم، لە بواری بەرنامەی ئەتۆمی و هەوڵی دەستخستنی تەکنەلۆژیای چەکی کۆمەڵکوژ. دووەم، لە بواری پشتگیری کردنی تیرۆرو ڕێکخراوە تیرۆریستیەکان لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا: واتە لە عێراق و لوبنان و ئەفغانستان و هەرێمی غەززەو وڵاتانی دیکەی ناوچەکە.

دیارە، کاتی خۆی چەند هێزێکی شیعەی سیاسی لە ناو حکومەتی عێراق دا ویستیان دەرگا لەبەردەم وتووێژێکی ئەمنی لە نێوان ئەمەریکاو ئێران بکەنەوە، بە تایبەتی لە فایلی عێراقدا، بەڵام دواتر ئەم هەوڵە سەری نەگرت ئەگەرچی سێ دانیشتنیش لەمبارەیەوە لە بەغدا پێك هات. بەم دواییە حکومەتی عێراق ڕایگەیاند کە ئیتر ئەمەریکاو ئێران لە مەسەلەی دایەلۆگدا پێویستیان بە ڕۆڵی بەغدا نەماوە.

شایەنی باسە هەر زوو چاودێران وایان لێکدایەوە کە ئەگەر بانگهێشتی دایەلۆگ لە نێوان واشنتۆن و تاران سەر نەگرێت، ئەوا دوور نییە، ئەمریکییەکان ناچاری ئەوە بن روو لە سیاسەتی توندکردنی سزای ئابووری بکەن لە دژی ئێران. هەروەها هەوڵ بدەن سیستەمێکی سزای نێودەوڵەتیش بەسەر ئێران بسەپێنرێت، بەڵام ئەوەی ئەم تابلۆیەی تا رادەیەك شێواندووە هەڵوێستی ئیسرائیلە. مەعلوومە ئیسرائیل وەك ئەمەریکا نییە لە بواری بڕیاری نێودەوڵەتی دا، وەك ئەو پێویستیی بە هاوکاریی نێودەوڵەتی و ناوچەیی نییە. وەك ئەویش دوو دڵ نییە لە بواری ئەنجامەکانی هێرشەکەی، بۆیە زۆر لە چاودێران پێیان وایە ئەوەی ڕەنگە دەست بە هێرش بکات بۆ سەر ئێران ئیسرائیل بێت نەك ئەمەریکا.

دیارە، بەم دواییە چەند ڕاپۆرتە هەواڵێکیش بڵاو بووەوە لە بارەی ئەوەی گوایە سعودی ڕازی بووە ئیسرائیل مەودا ئاسمانییەکەی ئەو بەکار بهێنێت بۆ هێرش کردنە سەر ئێران، ئەوەی ڕاستی بێت ریازو تەل ئەبیب، هەر زوو ئەم ڕاپۆرتانەیان بە درۆخستەوە، بەڵام چاودێران بە دووری نازانن ئیسرائیل پێویستیی بە یارمەتیی لۆژیستیکی چەند وڵاتێکی ناوچەکە هەبێت بۆ ئەنجامدانی هێرشە ئاسمانییەکەی، بەڵام ڕێگر لەو نێوانەدا ئەمەریکایە کە تا ئێستاش بە هیوای دایەلۆگە. ئەمریکییەکان پێیان باش نییە ئەو جۆرە چارەسەرە سەربازییە ئەنجام بدرێت. ترسیان ئەوەیە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی عەرەبی و ئیسلامی لە ئەنجامی هێرش کردنە سەر ئێران، جا هێرشەکە ئەگەر ئیسرائیلی بێت یان ئەمریکی، تووشی پشێوی و ئاڵۆزیەکی زۆر بێن.

ئەوەی هەموو ئەم مەترسیانە زۆرتر دەکات ئەوەیە کە لە ئێران باڵی توندڕەوان هاتوونەتەوە سەر فەرمانڕەوایی. بگرە ئەمجارەیان بە ڕێژەیەکی گەورەی دەنگی هاووڵاتیانی ئێران هاتوونەتەوە. هەروەها توانیویشیانە ئەو خۆپێشاندانە گەورانەی شەقامەکانی تاران کپ بکەنەوە. ئەم خۆپیشاندانانە، کەشوهەوای نێوان تاران و واشنتۆنیان ئاڵۆزتر کرد. بۆیە چاودێرانی سیاسی بە دووری نازانن ئێرانییەکانیش لەمەودوا بە شێوەیەکی توندو ڕەق ڕەفتار بەرامبەر بە ئەمەریکاو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بکەن بە تایبەتی لە بواری بەرنامە ئەتۆمییەکانیان.

لە کاتێکدا حاڵ ئەوە حاڵەیە، هیچ ڕوونیەکی ئەوتۆ بە ئاسۆی پەیوەندییەکانی ئێران و ئەمەریکاوە دیار نییە. بگرە هەندێك لەو چاودێرانە پێیان وایە، واقیعی ئێستای ناکۆکییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە لە کاتی فەرمانڕەوایەتی ئۆباما زۆر خەتەرناکترو ڕەشترو ئاڵۆزتر بێت لەوەی لە کاتی فەرمانڕەوایەتیی سەرۆکی پێشووی ئەمەریکاجۆرج دەبلیو بووش هەبوو. لەوەش بەولاتر ئەگەر تا ماوەیەکی کەمی دیکە، ئەگەری دایەلۆگ سەرنەگرێت، ئەوا بێگومان پەیوەندیی هەر دوو دەوڵەت دەگاتە لێوارێکی زۆر خەتەرناك. چارەسەر چییە؟ تا ئێستا وەڵامی ئەم پرسیارە گرنگە لە واشنتۆن و تاران دەست ناکەوێت و سەرانی هەر دوو وڵاتەکە نایزانن، جا چۆن لە شوێنی دیکە وەڵام لەو بارەیەوە دەست دەکەوێت؟

**تەنیا ماوەیەکی کورت لەبەردەم ڕاگرتنی هەوڵەکانی ئێران بۆ دەستخستنی چەکی ئەتۆمی ماوە، کاتێکی زۆر کورتتریش لەبەردەم ڕێگەگرتن لەوەی هێرشی سەربازی بکرێتە سەر دامودەزگا ئەتۆمییەکانی ماوە**

**چاودێرانی سیاسی بە دووری نازانن ئێرانییەکانیش لەمەودوا بە شێوەیەکی توندو ڕەق ڕەفتار بەرامبەر بە ئەمەریکاو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بکەن بە تایبەتی لە بواری بەرنامە ئەتۆمییەکانیان**

## داڤید رۆمانۆ بۆ گوڵان:

# کاتێک لە ڕەفتارەکانی مالیکی دەڕوانین هیچ نیازێک بەدی ناکەین بۆ ڕێزگرتن لە ماددەی ١٤٠ و گەیشتن بە چارەسەرێکی مامناوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستان



**پرۆفیسۆر داڤید رۆمانۆ پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر بارودۆخی سیاسیی عێراق و کێشەی کورد لە عێراق و تورکیا و هەروەها پسپۆریشە لەسەر چۆنییەتی چارسەرکردنی کێشەی کەرکوك و چەندین جاریش سەردانی عێراقی کردووە و سەردانی کەرکوکیشی کردووە، سەبارەت بەرەوشی ئێستای عێراق و چۆنییەتی دارشتنەوەی نەخشەی سیاسیی عێراق پەیوەندیمان بە پرۆفیسۆر رۆمانۆ کرد و بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

**کاتێک لە ڕەفتارەکانی مالیکی دەڕوانین هیچ نیازێک بەدی ناکەین بۆ ڕێزگرتن لە ماددەی ١٤٠ دەستووری هەمیشەی عێراق و گەیشتن بە چارەسەرێکی مامناوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستان**

**• ئێوە بێجگە لەوەی تایبەتمەندن لەسەر کێشەی عێراق، سەردانی عێراقیش دەکەن، ئایا لەم باردۆخەدا ئایندەی عێراق چۆن دەبینیت؟**

- لە راستیدا من لەلایەك گەشبینم و لە لایەك نیگەرانم، راستە بارودۆخی ئەمنی بەرەوپێشچوونێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام کاتێك لە رەفتارەکانی مالیکی دەڕوانین هیچ نیازێك بەدی ناکەین بۆ رێزگرتن لە مادەی ١٤٠ دەستووری هەمیشەی عێراق و گەیشتن بە چارەسەرێکی مامناوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستان و لەسەر ئەو ناوچانەی ناکۆکیان لەسەرە.

**• ئەی خوێندنەوەت بۆ هەڵبژاردنی پارێزگاکان، ئایا چۆن ئاکامی هەڵبژاردنەکان دەخوێننەوە؟**

- ئەوەی لە ئەنجامە بەراییەکانەوە بەدیم کرد، ئەوەبوو کە رەوتە نەتەوەییەکان ریژەی دەنگەکانیان زیادکرد، مالیکی توانی رێژەی دەنگەکانی زیاتر بکات و پێگەی خۆی لە بەسرەدا باشتربکات، هەروەها ئەو پارتانەی زیاتر لە ئێرانەوە نزیك بوون باجیاندا، لەبەر ئەوەی پەیامی دەنگدەرەکان ئەوەبوو کە دەیانەوێت حکومەتەکەیان عێراقی بێت نەك ئێرانی.

**• ئەوەی ئاشکرایە هیچ لایەنێك زۆرینەی دەنگەکانی بەدەست نەهێناوە، ئەمەش لایەنەکانی ناچاردەکات هاوپەیمانێتی پێکبهێنن، پرسیارەکە ئەوەیە بەلەبەرچاوگرتنی مێژووی پڕ لە خوێنڕێژی عێراقییەکان ئایا چۆن دەتوانن هاوپەیمانێتیەکی سەرکەوتوو پێکبهێنن؟**

- لە سیستەمە سیاسییەکانی وڵاتانی وەك ئیسرائیل و ئیتاڵیادا پارتەکان ناچاری پێکهێنانی هاوپەیمانێتێن بۆ دروستکردنی حکومەت، لە عێراقیشدا بەلەرچاوگرتنی مێژووی ئەم وڵاتە کە حکومەتی مەرکەزی حکومڕانی تێداکردووە، ئەوا پێکهێنانی هاوپەیمانێتی زەمانەتێکی زیاترە نەك بوونی تەنیا حزبێکی گەورە، لەبەر ئەوەی پارتە بچوکەکان ناچاری سازشکردن دەبن لەگەڵ یەکدا. لە راستیدا بە حوکمی ئەوەی سیستەمە سیاسییەکە لە عێراقدا نوێیە، ئەوا عێراقییەکان پێویستیان بەوە هەیە دەست و پەنجەی لەگەڵدا نەرم بکەن و ئەمەش پێویستی بە کاتە، بۆ نموونە دەبێت لەسەر ئەوە رێکبکەون بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە و ناکۆکییەکانی نێوانیان پەنا بۆ توندوتیژی نەبەن. فێربوونی هونەرەکانی گفتوگۆ و دانووستان لە بەرژەوەندی هەمولایەکدایە بەتایبەتی کەمینەکان.

**• مالیکی هەوڵی بەهێزکردنی حکومەتی مەرکەزی و پێشێلکردنی دەستوور دەدات، کە ئەمەش سەردەکێشێت بۆ تاکڕەوی، ئایا ئایندەی عێراق چی دەبێت ئەگەر حکومەتێکی مەرکەزی بگەڕێنرێتەوە و سوپا باڵادەست بێت تێیدا؟**

- من پێموایە دەبێت تێکڕای پارت و لایەنەکان بە بەشداری کارا و چالاکانەیان رێگە لەم هەوڵەبگرن، لە هەڵبژادنەکانی ئەم دواییەدا مالیکی زۆرینەی دەنگەکانی بەدەست نەهێنا بۆ ئەوەی بانگەشەی ئەوەبکات پاڵپشتی خەڵکی عێراقی بەدەستهێناوە بۆ ئەوەی حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز بنیات بنێت و دەستووری هەمیشەی وڵاتەکە پێشێل بکات.

***باشە ئەگەر حکومەتێکی مەرکەزی دیکتاتۆری لە بەغدا هەبێت و مالیکی مافە دەستوورییەکانی کورد پێشێل بکات، ئایا لەم حاڵەتەدا چ رێگاچارەیەك لەبەردەم کوردەکاندا دەمێنێتەوە بۆ ئەوەی بیگرنەبەر؟**

- **دوایین رێگاچارەی کوردەکان گەر بێتو مالیکی مافە دەستوورییەکانی کورد پێشێل بکات بریتییە لە جیابوونەوە لە عێراق**، رەنگە بارودۆخەکە وەك کۆماری تورکیای باکووری قوبرسی لێبێت، ئەگەر عێراق وەك دەوڵەت شکست بهێنێت، بەڵام ئەمە رێگاچارەیەکی پڕ لە مەترسییە بە تایبەتی مەترسی ئەمنی. لەبەر ئەوە دەبێت ئەم دوا رێگاچارەی خەڵکی کوردستان بێت نەك یەکەم رێگاچارە. بەڵام بەردەوام ئەم بارودۆخەی ئێستاش کە حکومەتی هەرێمی کوردستان کاروبارەکانی خۆی بەڕێوەببات و حکومەتی بەغداش ئەرکەکانی خۆی ئەدا بکات لە چوارچێوەی وڵاتەکەدا پێویستی بە سازشکردنی دوولایەنەیە هەیە لە لایەن هەردوو حکومەتەوە.

*** ئایا لە حاڵەتی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکادا و گۆڕانی عێراق بۆ دەوڵەتێکی ئاینی و ئیسلامی، ئایا ئەمەریکا بە دۆڕاو شکستخواردو دانانرێت؟**

- بە دڵنیاییەوە، هەر لەبەرئەمەش پێویستە کوردەکان لە ناو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا کار بۆ ئەوەبکەن کە گەل و حکومەتی ئەمەریکا لەو راستییە ئاگاداربکەنەوە کە ئەوان دۆست و هاوپەیمانی ئەمەریکان و هێشتا بارودۆخی عێراق لەرزۆکە و پێویستە ئەمەریکا ئەرکەکەی خۆی لە عێراقدا تەواوبکات و رێگانەدەن جارێکی دیکە عێراق بەرەو دیکتاتۆریەت بگەڕێتەوە.

**بە حوکمی ئەوەی سیستەمە سیاسییەکە لە عێراقدا نوێیە، ئەوا عێراقییەکان پێویستیان بەوە هەیە رێکبکەون بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە و ناکۆکییەکانی نێوانیان پەنا بۆ توندوتیژی نەبەن**

